# یەکخواپەرستی بنەمای بانگەوازی پێغەمبەران وخاڵی ناکۆکی نێوانیان بووە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

کۆمەڵێ لە زانایان

وەرگێرانی: سەرباز حەمید کەرکوکی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿توحيد الألوهية أصل دعوة الأنبياء والرسل ﴾

« باللغة الكردية »

## جماعة من العلماء

ترجمة: سرباز حميد قادر

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1433

IslamHouse.com

## یەکخواپەرستی بنەمای

## بانگەوازی پێغەمبەران وخاڵی ناکۆکی نێوانیان بووە

گومانی تێدا نییە کە یەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا بۆ خوای گەورە بەشێوەیەکی ڕەها گرنگترین بنەماکانی بیروباوەر وتەواوترین وباشترین وپابەندترینیانە بۆ باشکردن و صەڵاح کردنی مرۆڤایەتی، خوای گەورەش هەر لەبەر ئەم بنەما گرنگەیە کە ئادەمیزاد وجنۆکەشی دروستکردووە، وە سەرجەم مەخلوقاتی خەلقکردوە و شەریعەتەکانیشی هەر لەبەر ئەم یەکخواپەرستیەیە ناردوە، بەبوونی ئەم بنەمایە هەموو دونیا ئیصلاح دەبێت وبە فەوتان ونەبوونیشی خراپە وخراپەکاری وفەساد بڵاو دەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیانە ناوەڕۆك وپوختە وبنەمای بانگەوازی پێغەمبەران برتی بووە لە یەکخواپەرستی بۆ خوای گەورە لە سەرجەم پەرستنەکاندا، خوای گەورەش فەرموویەتی : (وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ...) {النحل : ٣٦} واتە : بەراستی

بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێكدا پەیامبەرێكمان ناردووە، بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرستن و، لە(تاغووت) و یاسا پوچەڵەكان دووربن. بەڵێ ئەو دووخاڵە: (خوا پەرستن و، وەلانانی تاغووت) كەهەر پێغەمبەرەی داویەتی بەگوێی ئوممەتەكەی خۆیدا ئەساس و بناغەی گشت ئایینەكان و دینی ئیسلامیشە ...هەروەها فەرموویەتی : (وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ) {الانبياء : ٢٥} واتە : ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانە نەكردووە، كە وەحیمان بۆ نەناردبێت بەوەی كە: بێگومان هیچ خوایەكی بەهەق نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن .

قورئانی پیرۆزیش لەزۆر جێگادا ئاماژەی بەوەداوە كە یەكخواپەرستی لەپەرستنەكاندا كلیلی بانگەواز وخاڵی سەرەتای كاری پێغەمبەران بووە، چونكە هەر پێغەمبەرێك كاتێك دەستی كردووە بە بانگەوازی گەلەكەی یەكەم كارێك

ئەنجامی دابێت بانگکردنی گەلەکەی بووە بۆ یەکخواپەرستی و ئیخلاص ودڵسۆزی لەپەرستنەکاندا بۆ خوای گەورە، بۆ نموونە سەرنجی قورئانی پیرۆز بدە کە چۆن دەفەرموێت : (وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ...) {الاعراف : ٦٥} واتە : بۆ قەومی (عاد)یش (هود)ی برایانمان نارد فەرموو پێیان: ئەی گەل و عەشیرەتم هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان بۆ نییە، هەروەها لەجێگایەکی تری ئەم سورەتەدا دەفەرموێت : (وإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ...) { الاعراف : ٧٣} واتە : بۆ سەر قەومی (ثمود)یش (صاڵح)ی برایانمان نارد (ئەویش پێی وتن): ئەی گەلەکەم خوا بپەرستن چونکە جگە لەو خوایەکی ترتان نیە .... لە بارەی گەلەکەی شوعیبیشەوە دەفەرموێت» (وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ...) {الاعراف: ٨٥} واتە : بۆ هۆزی مەدیەنیش (شعیب)ی برایانمان نارد، ئەویش پێی وتن: ئەی قەوم و

هۆزو گەلم تەنها خوا بپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان... بەڵی بەم شێوەیە سەلمێنرا ئەم بەشەی یەکخواپەرستی کاری گرنگ وهەوڵی شەو ڕۆژی پێغەمبەران بووە و خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکان بووە لەنێوان ئەوان و گەلەکانیاندا ...

**ئەم یەکخواپەرستیە خاڵی سەرەکی ناکۆکیەکان بووە لەنێوان پێغەمبەران و گەلەکانیاندا :**

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە کە یەکخواپەرستی لە پەرستندا کاری سەرەکی و کلیلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران بووە لەگەڵ گەلەکانیاندا، بەشێوەیەك هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا یەکەم شتێك کە گەلەکەی بۆ بانگەواز کردبێت بریتی بووە لەیەکخواپەرستی لەپەرستنەکاندا، هەر لەبەر ئەمەیش ناکۆکی لەنێوان ئەوان و گەلەکانیاندا ڕوویداوە چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لیّ بێت) ئەوانیان بانگ

کردووه بۆ یەکخواپەرستی وئیخلاص بۆ ئەو زاتە لەپەرستنیدا، لەبەرامبەریشدا گەلەکانیان زیاتر سوور بوون لەسەر شیرك وهاوەڵ پڕیاردان بۆ خوای گەورە مەگەر ئەوانەیان نەبێت کە شایانی هیدایەت و ڕێنمونی بووبن و خوای گەورە هیدایەتی دابن .خوای گەورە لەبارەی گەلەی نوحەوە (سەلامی خوای لێ بێت) فەرموویەتی : (وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا (٢٣) وَقَدۡ أَضَلُّواْ كَثِيرٗاۖ وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلٗا (٢٤)) {نوح : ٢٣-٢٤} واتە : گەلەکەی وتیان: خەڵکینە نەکەن واز لە خواکانتان بهێنن!! نەکەن واز لە (ودو سواع و یەعوق و نەسر) بهێنن(٢٣)بێگومان ئەوانە زۆر کەسیان گومڕا کرد، پەروەردگارا، ئەم ستەمکارانە تەنها گومڕای نەبێت هیچی تریان بۆ زیاد مەکە...

وەلەبارەی گەلەکەی هود (سەلامی خوای لێ بیت) دەفەرموێت : (قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَأۡفِكَنَا عَنۡ ءَالِهَتِنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ) {الاحقاف :٢٢} واتە : هۆزە خوانەناسەکەی هود

وتيان: ئايا تۆ بۆ ئەوە هاتوويت كە ئێمە لەپەرستنی خواكانمان لا بدەيت؟! جا ئەگەر ڕاست ئەكەيت، وەرە بۆمان بەوەی بەڵێنمان پێدەدەيت، واتە: بە سزاكەوە وەرە ، قەيناكا با ئێمە تيابچين!.... يان فەرموويەتی : (قَالُواْ يَـٰهُودُ مَا جِئۡتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحۡنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوۡلِكَ وَمَا نَحۡنُ لَكَ بِمُؤۡمِنِينَ ) {هود : ٥٣} واتە : وتيان: ئەی هوود! تۆ بەڵگەيەكی ڕۆشنی وات بۆ نەهێناوين، ببێتە نيشانەی ڕاستيت ، تا ئێمەش باوەڕ بكەين تۆ پێغەمبەری خوايت، چاكيش بزانە هەرگيز ئێمە لەبەرقسەی تۆ واز لەخواكانی خۆمان ناهێنين، و قەتيش باوەڕت پێناكەين، وە لەسەر قسەی خۆيمان سوورين...

وەلەبارەی گەلی صاڵح يشەوە فەرموويەتی : ( قَالُواْ يَـٰصَـٰلِحُ قَدۡ كُنتَ فِينَا مَرۡجُوّٗا قَبۡلَ هَـٰذَآۖ أَتَنۡهَىٰنَآ أَن نَّعۡبُدَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكّٖ مِّمَّا تَدۡعُونَآ إِلَيۡهِ مُرِيبٖ ) {هود : ٦٢} واتە : خەڵكەكە وتيان: ئەی صالح، بەڕاستی پێش ئەم باسانەت تۆ لەناو ئێمەدا شوێنی هيوامان بوويت، ئايا بەرگری ئەوەمان لێدەكەيت كە شوێنی

شتێك بكەوین كە باوو باپیرانمان شوێنی كەوتوون و پەرستویانن؟! ئێمە بەڕاستی لە گوماندایین لەوەی كە تۆ بانگی ئێمە دەكەی بۆلای و بەدبینین لێی....

دەربارەی گەلەكی شوعەیبیش دەفەرموێت : ( قَالُواْ يَـٰشُعَيْبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَـٰٓؤُاْ ۖ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلْحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ) {هود : ٨٧} واتە : خەڵكەكە وتیان: ئەی شوعەیب، ئایا نوێژەكەت فەرمانت پێدەكات كە ئێمە واز بهێنین لەوەی باوو باپیرانمان پەرستوویانن، یاخود لە ماڵ و سامانماندا بەئارەزووی خۆمان چیمان بوێت بیكەین و بەڕاستی تۆ زۆرهێمن و خاوەن ژیریت؟! (وادیارە گاڵتەیان پێكردووە، یان قەناعەتیان بەژیری و لەسەرخۆیی بووە و سەریان سوڕماوە لەوەی كە دەیەوێت لە داب و نەریتی باوو باپیران دەربچێت).

لەبارەی بێباوەڕەکانی قورەیشیشەوە فەرموویەتی : ( وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ۝٤ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ (۝٥) وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ (۝٦) مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ (۝٧) {ص : ٤-٧} واتە : سەریان سوڕدەما کە ترسێنەرێکیان لە خۆیان بۆ هاتووە وە بێ باوەڕان دەیان وت ئەم (پێغەمبەرە) جادوو گەرێکی زۆر درۆزنە(٥) (هەروەها دەیانوت: ئایا پێتان سەیر نیە) هەموو خواکانی کردووە بە یەک خوا، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە!! (٦) وە گەورەکانی(قوڕەیش لەگەڵ پێغەمبەر قسەیان کرد و هەڵسان) بە پەلە دەرچوون (بە خەڵکیان وت بڕۆن و خۆگر بن لەسەر (پەرستنی) خواکانتان بەڕاستی ئەمەی موحەممەد دەیڵێ شتێکە لە ئێوە داوا کراوە تا ببێتە گەورەی هەموو عەرەب(٧) ئەمەی موحەممەد دەیڵێ بۆ پەرستنی یەك خوا، ئێمە لە ئایینی عیسادا (علیه السلام)

نەمان بیستووە، ئەم یەکخواپەرستیە هەردرۆو ساختە و هەڵبەستراوە.

هەر لەبارەی قورەیشەوە دەفەرموێت : ( وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا (٤١) إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا (٤٢) أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا (٤٣) أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَٱلْأَنْعَٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا (٤٤) {الفرقان : ٤١-٤٤} واتە : قورەیشیەکان کاتێك کە تۆ دەبینن ، هیچ ڕێزو پایەیەکت بۆ قایەلنابن، بەڵکو دەتکەنە گاڵتەجارو بەیەکتر دەڵێن: ئا ئەمەیە خوا کردوویە بە پەیامبەرو رەوانەی کردووە ؟!(٤١) خۆ نزیك بوو لە پەرستنی خواکانمان گومڕامان بکاو سەرمان لێ تێکبدا ئەگەر ئێمە خۆڕاگر نەبووینایە لەسەر پەرستنیان، ئێستا وا دەڵێن، وە لە ئاییندەدا کاتێ کە سزاکە دەبینن، چاك ئەزانن کێ گومڕاترو سەرلێشێواوترە؟! (٤٢) ئایا تۆ ئەو کەسەت دیتووە کە ئارەزووی خۆی دەکاتە خوای

خۆی؟ ئەمڕۆ ئەم ئەپەرستێو، سبەینێ پشتگیریی، لە یەکێکی تر ئەکات ؟ هەر ڕۆژەی لە جێگایەك ئەبینرێ!! (ئیبن عەبباس) ئەڵێ پیاوی وا هەبوو ئەمڕۆ بەردێکی سپی ئەپەرست، کاتێ بەردێکی جوانتر لەوی دیتبا، ئەمی دەپەرست و، پشتی لەو دەکرد! ئاخۆ تۆ دەتەوێ بریکارو ڕێنوێنکاری ئەو کەسە بی و، نەهێڵی دوای ئارەزووی خۆی بکەوێ؟ (٤٣) یا پێت وایە کە زۆربەیان 'وتەکانت' بە دڵ ئەبیسن، وبیر لەماناو مەبەستەکەی ئەکەنەوەو تێدەگەن؟ خۆ ئەوانە هەر وەك ماڵاتن (بزن، مەڕ، وشتر، گا) خاوەنی بیرکردنەوەنین، بەڵکو لەوانەشە گێل و وێڵ تر و نەزانتربن ، چونکە گەلێ جار ئاژەڵ بەگوێی خاوەنەکەی ئەکاو، هەرکەسێکیش چاکەی لەگەڵ بکات لەبیری ناچێت(٤٤) .

ئەم دەقە قورئانیانە وماناکانیان هەموویان بەڵگەی ڕوون وئاشکران لەسەر ئەوەی ناکۆکی وململانێ نێوان پێغەمبەران (سەلامی خوایان لی بێت) وگەلەکانیان لەسەر بانگەوازی

یەکخواپەرستی بووە لەپەرستنەکان و ئیخلاص ودڵسۆزی بووە بۆ خوای گەورە .

لە سوننەتی سەحیحیشدا هاتوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : " مرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحق الإسلام وحسابهم على الله " { البخاري : الإيمان (٢٥) ومسلم الإيمان (٢٢)} واتە : فەرمانم پێکراوە کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم هەتاوەکو ئەو کاتەی شاهیدی دەدەن کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لەخوای گەورە (الله) و شاهیدیش دەدەن کە موحەمەد پێغەمبەری خودایە، وەنوێژ دەکەن وزەکات دەدەن، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا خوێن وماڵیان پارێزراوە مەگەر بەهەقێکی نەبێت کە ئیسلام دیاری کردووە، ئەو کاتە حساب ولێپرسینەوەیان لەسەر خوا دەبێت.

هەروەها لە سونەتی سەحیحیشدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " من قال لا إله إلا الله وكفر بما يعبد من دون الله حرم ماله ودمه وحسابه على الله " { مسلم الإيمان (٢٣) وأحمد (٣٩٤/٦)} واتە : هەرکەس بڵێ هیچ خوایەکی بەهەق نییە جگە لە (الله) و بێباوەڕیش بێت بەوەی جگە لەخودا دەپەرستریت، ئەوا خوێن وماڵی حەرامدەبیت و حساب و لێپرسینەوەی دەکەوێتە سەر خودا (الله) .